# ڕێپێوانه جەماوەرییەكەی هەولێر، دژ ی ئەوانەی سووكایەتی بە پێغەمبەر دەكەن رای گشتی كوردستان بوو ... مەلا جەعفەر گوانی

بەیانیەكەی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 14/2/ 2006 هێشتا نەگەیشتبوومە سەر جادەی شەست مەتری لە هەولێری پایتەخت، گوێم لە دەنگی جەماوەری شاری هەولێر بوو ئەو جەماوەرەی جارێكی دیكە بە هەموو چین و توێژێكەوە سەلماندیان كە دڵیان هەمیشە پڕە لە خۆشەویستی پێغەمبەر و هەمیشە پێڕەوی ڕێبازی ئەو سەروەرە دەكەن و، بۆ پارێزگاریكردن لەو پێغەمبەرە و سەرخستنی ئامادەن قوربانی بە گیانی خۆشیان نەدەن، چونكە لە ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆی عێراقدا كە تیرۆریستانی تاریك بینی دوور لە ئایین و ئەخلاق، خەڵك لە شوێنی شاسابیش پێكەوە كۆنابنەوە، چونكە مەبادا هەر لەسەر دوانی پارە دابەشكردنی بایەعی بیان تەقێننەوە و شەهیدیان بكەن، بەڵام مادامە بۆ پێغەمبەر بێت ئەوا بە لای خەڵكی هەولێری عاشقی پێغەمبەر وەك هاوخۆشەویستانیان لە شاری سلێمانی كە ڕۆژانی پێشتر بەم كارە هەڵستان، هیچ شتێك و هیچ ترس و بیمێكیان لە دڵدا نییە، ئاخر ئەگەر ئەو خەڵكە باكی گیانی خۆیان هەبووایە چۆن زیاتر لە (50) هەزار كەس پێكەوە و بەو هەموو حەشاماتەوە دینە سەر شەقام و هاواری خۆیان بۆ پەرلەمانی كوردستان بەرز دەكەنەوە، جا ڕەنگە ئەو خەڵكە هەستیان بە دەنگی خۆیان نەكردبێت، بەڵام ئێمەمانان كە لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی ئەو بەرێزانە بوو، كە پڕ بە دەم و زار و دڵیان هاواریان دەكرد (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) هەستی هەموو مرۆڤێكی دەهەژاند، هەر كەسێك گوێی لەو دەنگە تینووەی عاشقانی سەروەر دەبوو ئەگەر بێ باوەڕیش بووا هەر هەناوی دەهەژا و، هەستی بە مەزڵومیەتی ئیسلام و ئوممەتەكەی دەكرد، بەڵام هەركە بە چاوی وردتر تەماشات دەكرد دەچوویە بارێكی دیكە، دڵخۆش دەبوویت نەك لەبەر ئەو هەموو خەڵكە، بەڵكو لەبەر ئەوەی هەستت دەكرد كە ئوممەتی ئیسلام هێشتا ئوممەتێكی زیندووە.

هەركە چاوم پێیان كەوت بینەری دەهەژاند، ئاخر كێ دڵی نەدەهەژا ئەو هەموو حەشاماتە تینووە بۆ پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت كێ لە هەولێر نەهاتبوو؟ ئەی كێ هاتبوو؟ ئایا ئەو ڕێپێوانە تەنها هی حزبێك و چەند حزبێك بوو؟ یان دەنگی ئیسلامپەروەری هەولێر بوو؟

ڕێپێوانێكی گشتگیر

ئەوانەی دەیانەوێت بیبەنەوە قاڵبێكی حیزبیانە و وای پیشان بدەن ئەوە هی حزبە ئیسلامیەكان بوو و خۆیان وایان ڕێك خست، ئەوە دەیانەوێت بچووكی بكەنەوە بەڵام خۆزگە دەیان دیت بۆ ئەوەی بیانزانیبا كە ئەوە چ ڕێپێوانێك بوو، چونكە ئەوە نەك هی حزبێك نەبوو، بەڵكو ڕێپێوانێكی ڕەنگاوڕەنگی هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵ بوو، بە شێوەیەك دەتوانم بڵێم: هەر حیزبێك و بۆ هەر مەبەستێك و ئەوها دوور لە ڕێكلامی چەند ڕۆژە، هەر ڕێپێوانێك ئەنجام بدات ناتوانێت خەڵكێكی ئاوها زۆر و بەو هەموو حەشاماتەوە و بە ئارەزووی خۆیان كۆبكاتەوە، مەگەر لە ڕێگای هێنانی قوتابیانی قوتابخانەكان و ئاگاداركردنەوەی ڕێكخراوەكانی خۆیان و وەك ڕێكخراوە جەماوەر و پیشەییەكان، چونكە وەرە با پێكەوە سەیرێكی ئەم ڕێپێوانە بكەین و تۆش لەگەڵمان بە بزانە كێی تێدا بوو؟

زانایانی ئایینی لەگەلڕ پێغەمبەردان

ئای چ دیمەنێکی جوان و رەنگین بوو لەو کاتەی تەماشای هەمو لایێکی ئەو جەماوەرە ئیسلام دۆستەت دەکرد کە مێزەری سپی خاوێن وەك روناکی تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە، ئەو مێزەرانەی لە رۆژانی نەتەوەییدا دلێرانە دژی هاتنی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندان و لە کاتی تیرۆریستیەکان لە سەر بلنگۆی مزگەوتەکان و، لە کاتی هەلبژاردن لەسەر مینبەری مزگەوتەکان و ... پارێزگاریان لە کورد و کوردستان دەکرد و هەستی کوردانەیان لە هزری جەماوەر زیندوو دەکردەوە، ئەمرۆش لە ئەرکێکی دیکەی ئایینی و ئەخلاقی و نەتەوەییشدا هاتوونەتە پێشەوە و پڕ بە دەمیان هاوار دەکەن (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) بەمەش هەم ئەرکی سەرشانیان بەجێدەگەیەنن و هەمیش موژدە دەدەنە زانایانی پێش خۆیان بەوەی شوێنیان چۆلڕ نەبووە و کاروانی نەبڕاوە و نەپساوەی ئەوانی دلسۆزی ئیسلام هەر بەردەوامە.

پیرەکانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

ئەوەی زیاتر سەرنجی منی راکێشا هەلوێستی جوامێرانەی ئەو ئیختیار و پیرانە بوو، کە ئەگەر بۆ چوونە دەرەوەی خۆشیان و بۆ وەرگرتنی هەوایێکی سازگاریش لەوانەیە بە ئاسانی نەتوانن و نەچنە دەرەوە و، رۆژگارێك ئامادە نین بێنە دەرەوە و رێپێوان بکەن، مەچی ئەمرۆکە بۆ سەرخستنی پێغەمبەری نازدار هاتوونەتە پێشەوە و وەك شێری لە بێشە پڕ بە ەندگی سرودی خۆشەویستی و دلسۆزی بۆ پێغەمبەری خوا دەلێنەوە، ئەوان باکیان بەوە نەبوو داخۆ توانای لاشەیان هەیە، یان توانای دەنگ و سەدایان هەیە، ئەوەی گرنگ بوو بێنە مەیدان و دەنگ و سەدای مەردانەی خۆیان دەرببڕن و بە زمانی حالڕ بلێن: ئێمە ئەگەر تەمەنێکیشمان بەسەر برد، وەلی بۆ بەرگری لە پێغەمبەر هەمان ئەو لاو و گەنجەینە کە لە هەرەتی لاوێتی و توانای گەنجایەتی دایە.

ئافرەتانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

ئەوەی لەوەش خۆشتر بوو هەلوێستی ئەو خوشك و دایکە بەرێزانە بوو کە بەو سەرمایە و لە نێو ئەو ئاپڕای جەماوەرییە دەنگی ئافرەتنی کوردیان بەرز کردەوە و، بە دونایان راگەیاند کە ئەوانی ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاوانیان و بی هیچ دواکەتن و سستیەك لە ریزی پێشەوەی پارێزگاریکردن لە پێغەمبەردان، چونکە ئەوان سەربەرزی خۆیان لە پەیڕەوکردنی ئەو خۆشەویستە دەبیننەوە، ئەوانەی بە دەنگی ئافرەتی کورد هاوناریان دەکرد (هەتا هەتایە محمد پێشەوایە)، بەمەش ئافرەتی کورد جارێکی دیکە سەلماندی کە شانازی بە پێغەمبەر و مزگەوت و قورئان و حیجاب و هەموو دروشمێکی ئایینیەوە دەکات، ئەوان نەك هەر پشت لە ئیسلام ناکەن، بەلکو ئامادەن بە هەموو شتێکی شەرعی و رەوا پارێزگاری لە رێبازی پێغەمبەر دەکەین. خۆزگە خوێنەری بەرێز دیمەنی ئەو ئافرەتە بوێر و گەنجانەت دەدیت کە زۆر لە پیاوان بە حەماسەتتر لە ریزی پێشەوە تینوو بۆ دیدەنی حەزرەتی پێغەمبەر هاواریان دەکرد و، بە پەڕۆی رەنگاورەنگ لە نێوچەوانیان ناوی پێغەمبەریان نووسیبوو، وەك ئەوەی لە بەرەی جەنگێکی مان و نەماندابن. خۆزگە ئەو پیرەژنە خاوەن هەلوێستانەت دەدیت کە دەرۆیشت و لەگەلڕ رۆیشتنی بە دەنگی (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) ی دەگووت و، بە چاوەکانیشی فرمێسکی خۆویستی بۆ پێغەمبەر دەباراند، دەیویست بلێتە پێغەمبەر: خۆشەویستەکەم داوای لێبوردنت لێدەکەین کە تەنها ئەوەند توانامان هەیە تا کار بۆ سەرخستن بکەین، خۆزگە ئەو کەیبانوانەت دەدیتن کە مەنجەلی خواردنیان لە مالەوە لەسەر ئاگر بە

جێهێشتبوو، لە هەمووان بە حەماسەتتر هاواری بۆ سەرخستنی پێغەمبەر دەکرد، یان ئەو دایکەی کۆرپەی هەر لە باوەش گرتبوو و، منداڵێك لە باوەشی ئەو و منداڵێکیش لە باوەشی هاوسەرەکەی پێکەوە لە ڕێپێوانی پێغەمبەردا بوون، ئەوە نموونەی ئافرەتانی کورد بوون کە لە ناو ڕێپێوانەکە دابوون.

دەروێش و یۆفیانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

لە نێو ئاپۆڕای ئەو جەماوەرە زۆرە شمشێر و سەدا و دەنگی دەروێشانی کوردستان زرینگەی دەهات، لەوان حاڵیان گرتبوو بەکەس ڕانەدەوەستان، وەك ئەوەی بە چاوی خۆیان سەیری پێغەمبەریان کردبێت و ڕوو بە ڕوو قسەی لەگەلڕ بکەن، بە زمانی حالڕ دەیانگووت: ئێمەی دەروێش و یۆفیانی تەریقەت نەوەی ئەو شێخە مەزنانەین کە شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانی کوردیان گرتە دەست، ئەوان تەنها شێخی نەتەوە نەبوون، بەڵکو شێخی نەتەوایەتی و ئەخلاق و عیززەت و ئیسمپەروەریش بوون.

لاوانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

لە هەمووان دڵخۆشتر گەنجان و لاوان بوون، کە زۆرترینی ژمارەی ڕێپێوانەکەیان بۆ خۆیان بردبووەوە، ئەو گەنجانەی لەگەلڕ گووتنی (لااله الا الله محمد رسول الله) ناوی پیرۆزی پێغەمبەریان لە نێوچەوانیان نووسیبوو، ئەوانە سەرباری بێدەنگ نەبوونیان بە درێژایی ڕێپێوانەکە لەگەلڕ ئەوەی ئیدانەی دانیماریکیان دەکرد هاواریشیان دەکرد (نامانەوێ لە کوردان ڕۆشنبیرێکی حەیوان) خوێنەری خۆشەویست دەبێ لێم ببوری کە ئەو ڕستەیە دەنووسم، بەڵام بڕوا بکە ئەوە قسەی من نییە و ناشمەوێ خیانەت لە ئەمانەتی ئەو خەڵکە بکەم، بەتایبەتی گەنجەکان کە ئەوە هاوار و شیعاریان بوو، منیش دەبێت ئەمانەتەکەی وان وەکو خۆی بدەمەوە بە ئێوە.

کاسبکارانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

دیمەنێکی دیکەی سەرنج ڕاکێش دیمەنی ئەو کاسبارانە بوو کە بە جلی کارکردن هاتبوون، یان دوکانیان ئەو ڕۆژە داخستبوو و، هەموویان پێکەوە ڕوویان کردە ئەو شوێنە مەزنە و بە دەنگ هاواریان دەکرد.

ڕۆشنبیرانیش لەگەلڕ پێغەمبەردان

ئەوەی دیکە دیمەنی کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو کە بەشێکی بەرچاویان پێکهێنابوو، ئەوانەی ڕۆژانە بە قەڵەم کار بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان و بۆ مەسەلەی ئایینەکیان دەکەن، ئەوان لەگەلڕ نووسینەکانیشیان خۆیان نەگرت، تا هات بە دەنگیشیان هاواریان دەکرد.

ئیدی بە کورتی سەرجەم و چین و توێژەکانی هەولێر هاتبوو، سەربارەی ئەوەی خەڵکێکی زۆر نەیزانی بوو، یان ترسی گرتبوو، کە پەشیمانی و حەسرەتی زۆریان دەخواردەوە.

ئەنجام

لەم ڕیپۆتاژە کورتە کۆتایی بە سێ خالڕ دەهێنین:

یەکەم: پەڕلەمانی کوردستان، نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی کوردستانە، بە دەنگی ئەوان دامەزراوە، ئێستاش ئەگەر وەفای بۆ دەنگی ئەو جەماوەرە هەبێت و، خۆی بە نوێنەری ئەو خەڵکە بزانێت، دەبێت داخوازی ئەو گەلە بەجێ بگەیەنێت، چونکە ئەو گەلە هەمووی داوا دەکات (بڕیارێك لە پەڕلەمان دەربچێت ڕێ لەوە بگرێت سووکایەتی بە موقەدەساتی ئیسلامی و هەموو دینەکانی دیکە بگرێت)، ئەوەش تەنها دەنگی هەولێر نییە، بەڵکو دەنگی

هەموو کوردستانە، چونکە هەمان ئەو پرسیارە ئەگەر لەسەرجەم چین و توێژەکانی دیکەی ناوچەکانی کوردستان بکرێت هەمان داخوازیان هەیە.
دووەم: ئەوانەش کە دەیانەوێت سووکایەتی بە پێغەمبەر بکەن و، وا دەزانن تازە کۆمەڵگای کوردەواری مردووە و بەو مانایەی وازی لە ئیسلام و رەوشتی ئیسلامی هێناوە، با بۆخۆی بخەوێت، ئەوە دەنگی هەموو خەڵکی کگوردستان بوو، داخوازی ئەویش ئەگەر داوای رێپێوانی بۆ بکات، تەنها بە پەنجەی دەست دەتوانێ بیان ژمێرێت، مەگەر بە چاوبەستن نەبێت، ئیدی با بۆخۆیان بخەون بە خەم و خەیالڕ، دەچنە ژێر عەرزیش ئەو خەونەیان هەر ناهێتەدی.
سێیەم: دەبێ موسڵمانان بزانن وەحدەت باشترین چەکە کە کاری پێبکەن، ئەگەر دەیانەوێت سەرکەوتن لەسەر پارێزگاریکردن لە پێغەمبەر وەدەست بهێنن، دەبێت وەك ئەم رۆژە هەموویان پێکەوە بە جیاوازی بیر و بۆچوون و رایان سەنگەری ئیسلامپەروەرانەی خۆیان بگەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بهێنن، چونکە ئەوەی لە هەموو شتێك پتر زیان بە موسڵمانان دەگەیەنێت دوو بەرەکی و تەفەرقەیە، بۆیە دەبێت یەکگرتن و یەکبوون و یەکهەڵوێستی هەوێنی هەمووما بێت.

راپۆرتی: مەلا جەعفەر گوانی
J_gwani2005@yahoo. com